# خودایە ئەم شارە ببەرەوە بۆ خۆت!

ئاری عەبدوللەتیف



شارێکم هەیە ترسناك
کەلەسەرێك و دوو ئیسقان
هەمو دنیا لێی ئەترسێ
هەمو دەسەڵاتی دونیا..
هەمو شەیتانەکانی ئاسمان

شارێکم هەیە پیر بووە
لە مێژە تووشی نەخۆشی هاتووە
سیلیەتی.. سەرەتانیەتی.. دەردە کۆپانیەتی
دکتۆرێ، سیاسیێ، حەکیمێ
لەسەر ئەم زەویە نی یە
دەرزییەکی بۆ بکا !
بەڵام ئەو چاك نابێتەوە
ئەو لاقە کراوە
ئەو هەڵگیراوە
ئەو ئەتك کراوە ...!

شارێکم هەیە نامرێ
شەو تابەیانی لەگەڵ هاوڕێکا نما
یاسینی لەسەر ئەخوێنین
کەچی دەڵێن ئەو شەهیدە
وابزانم هەر ئەوەشە
ناوی لە لیستی ژیانا کوژێنراوەتەوە !

شارێکم بە کوڵەوەیە خۆشم ئەوێ
جووتێ جزمەی ڕەش و سوری تاکەو تاکی لە پێدایە
شەڕواڵێکی بێ باخەڵ و کراسێ هیچ ڕەنگێ نانوێنێ

خودایە خۆت ئەزانی ئەم شارە هی کێ یە
کێ وای لێ کرد
چارەنوسی چی یە !
ئەوەی ئەوترێ هەر درۆیە
ئەوەی منیش ئەینوسم درۆیەکی ترە!

شارێکم هەیە زەویەکەی ئێسقان ئەڕوێنێ !
ڕێگاو بانی لەئەزەلەوە نی یە

هەناسەی تیا نادرێ
هاتوچۆی پیا ناکرێ
هەر بۆیە مرۆڤەکانی ئەبێ ئاسن بن !

شارێکم هەیە
تەنیا مرۆڤە سەقەتەکانی خۆی خۆش ئەوێ
میوانی ناوێ
بەڵام لە ساڵێکداو لە رۆژێکدا و لە سەعاتێکدا یەکجار
هەندێ میوان دێن و هەر لە دورەوە
تاجەگوڵینەیەکی نایلۆن دادەنێن و دەڕۆن
ئەوان ڕێی هاتنە ژورەوەیان نی یە
هەر لە دورەوە مۆنۆمێنتەکە شارەزان
دایدەنێن و دەڕۆن
ئاخر ئەم نەخشەیەم هیچ ڕێگایەك ناڕواتەوە سەری !

شارێکم هەیە هەموو دنیا دوژمنیەتی
هەر لە مێژە فرۆشراوە
بەزەرەر درایەوە بە ساحێبی
ماڵی قەڵب بوو
بەڵام ئیمزا بەدەستە لەرزۆکەکانی دەکەن
بریکاری بۆ دانراوە
بەناویەوە
دەیکەن، دەیبەن ،دەیخۆن !

خودایە ئەم شارە ببەرەوە بۆ خۆت
وەك و حەزرەتی عیسا هەڵیکێشە
هەرچەندە ئەو کاتیش بڕوات پێ ناکەن و دەڵێن :
لە سێدارە دراوە !

شارێکم هەیە هیچی پێویست نییە
چونکە خۆی شەهیدە
مرۆڤەکانی شەهیدن ، شەقامەکانی شەهید
پارکەکانی شەهیدن، مزگەوتەکانی شەهید
ئیتر ئاوەدانی بۆ چی یە ؟
ئازادی بۆ چی یە ؟
پارەی بۆچی یە ، ژیانی بۆ چی یە ؟
دوو فەرمانگەی بەسە
خانەنشینی و دەزگای شەهید
بەشی ئەم بابدرێ بە شاری خەونەکان ، بە شوێنە حەیاتەکان
بە شاری یاری ، بە پاکسیتی ..!

خودایە خۆت دەزانی ئەم نەخشە بچکۆلەیە
کە هێندە تەنیا بێ .. کە هێندە تەریك بێ
کە هێندە نەخۆش بێ ، کە هێندە بە ئێش بێ
حکومەتی بۆ چی یە ؟
حیزبی بۆچی یە ؟
سواڵی بۆ چی یە ؟
دەغیلەی بۆچی یە؟

هی منە ئەم شارە هی کەس نی یە
هی هەڵە بجەییە ئەم شارە هی کەس نی یە !
کەس نان و پیازی پێوە نەخوا
کەس بوختانی بۆ نەکا
کەس کارتی بژێوی بۆ دروست نەکا
کەس درۆی سپی بۆ نەکا ..
لەوەتی هەیە هەر وابووە
نانی هەبوەو خەڵك خواردویەتی
سفرەیەکی هەبوو هەموو جارێ ئەدرێنرا
نان خۆرەکان وابوون.. نان خۆرەکان عەجول بوون ..!

خودایە لە نیوان ئەم شارەو حکومەتدا چی هەیە ؟
خودایە ئەو دیوارانە چەندن لەم مابەینەدا
خودایە چەند شارەهەنگاو لەیەکەوە دوورن ؟
خودایە لە دوژمنایەتیدا چەند بێ سنورن؟

شارێکم هەیە بخۆربەگی دنیای هەیە لە دورەوە
کەچی کرێکارێکی نی یە لە دەرەوە
هێشتا بانکی نی یە
هیشتا یاریگای نی یە
هیشتا جوت سایدێکی تیا نی یە
هێشتا پارکێکی نی یە !

شارێکم هەیە دەیان بریکاری هەیە لە دەرەوە
دەیان وەزیری هەیە
دەیان سەرۆکی شارەوانی هەیە
دەیان سەرکردەی هەیە لە دورەوە
کەچی فەرمانبەرێکی نی یە لەدەرەوە !
هێشتا پالاسی نی یە
هیشتا شیراتۆنی نی یە
هێشتا زانکۆی تیا نی یە

هێشتا سینەمایەکی نی یە

ئاخر خۆی سینەمایە ، بازاڕە بێ سەرمایە

خودایە دەی

لە نیوان ژیان و ئەم شارەدا چەند گەردون دوریی هەیە

لە نیوان ئەم شارەو پاشاکاندا چەند هەڵەبجە بێ وەفایی هەیە

لەنیوان حیزب و ئەم شارەدا چەند فەردە جوێن و بوختان هەیە

خودایە دەی

چەند ئاشوبی تر بە ڕیگاوەیە

خودایە خۆت دەزانی

کوردە بۆ سوتانی مۆنۆمێنتەکە نەچوو !

خۆت ئەزانی

مۆنۆمێنتەکەش هی هەڵەبجە نەبوو !

خۆت ئەزانی سوتانی مۆنۆمێنتەکەش سیناریۆ بوو !

خودایە دەی بۆم ڕۆشن کەرەوە

ئە نجامی شەڕی یاریەکان

وام لێ بکە بزانم

لە ژێر لۆچی فەرشی حکومەتدا چی هەیە ؟

ژێر خوێندنی

کۆترێکی سەر شانی سیاسەت چی حەشار دراوە ؟

پشت پێکەنینی سەرکردەیەك چ ڕەنگە ؟

خودایە لە نیوان سنگی گە نجان و

فیشەکی حکومەتدا کام شەیتان پێ ئەکەنێ ؟

لە نیوان داوای هەڵپڕوزاوی زیندوانی هەڵەبجەو

توڕەبوونی دەسەڵاتدا

چەند تەناف ئاگر هەیە ؟

خودایە پیێم بڵێ

لەڕێی ڕۆشن کردنەوەوە

لە ڕێی کەرامەوە

لە ڕێی گەر بکرێ موعجیزەوە !

هەڵە بجە بۆ وا لێ ئەکەن، هەڵە بجە بۆ وا شێت ئەکرێ !؟